# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا نوێژی نیوەڕۆ وعەسری کۆدەکردەوە (جەمعیانی دەکرد)، وئەگەر لە سەفەر کردن بەردەوام بووایە، وهەروەها نوێژی مەغریب (وعیشای (بەردەوام) کۆ دەکردەوە (جەمعیانی دەکرد

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا نوێژی نیوەڕۆ وعەسری کۆدەکردەوە (جەمعیانی دەکرد)، وئەگەر لە سەفەر کردن بەردەوام بووایە، (وهەروەها نوێژی مەغریب وعیشای (بەردەوام) کۆ دەکردەوە (جەمعیانی دەکرد».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شەریعەتی پێغەمبەرمان موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- تایبەتمەندی ئەوەی تێدایە لە نێو شەریعە ئاسمانیەکاندا بەوەی لێبووردەیی وئاسانکاری ولابردنی ناڕەحەتی وقورسی تێدایە لەسەر ئەوانەی ئەرکەکانی لەسەر واجب کراوە، ولەم ئاسانکاریانە: کۆکردنەوەی دوو نوێژ لە سەفەردا (جەمع کردن) کە لە یەک بەشی ڕۆژدا ئەنجامدەدرێن. بنچینە ئەوەیە هەموو نوێژێک لە کاتی خۆی ئەنجامبدرێت، بەڵام خووی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو شێوەیە بوو ئەگەر سەفەری بکردایە، نێوان نوێژەکانی نیوەڕۆ وعەسر، ومەغریب وعیشای کۆ دەکردەوە (جەمعیانی دەکرد)، یان ئەوەتا پێشی دەخستن یان پاشی دەخستن؛ واتا یان هەردوویانی لە کاتی ماوەی نوێژی یەکەم یان دووەم ئەنجامدەدا، کۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ وعەسر لە ماوەی نوێژی نیوەڕۆ (پێشخستن:تقديم)ی پێدەڵێن، لەمەشدا ڕەچاوی ئاسانترینیانی دەکرد بۆ ئەوانەی کە لەگەڵیدان، چونکە سەفەر کردن ناخۆشی وناڕەحەتی تێدایە وڕوخسەتی کۆکردنەوە لە نێوانیان بۆ ئاسانکاری دانراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5323

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee